# ئافرەتان
# بە کلیلی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە دادەنرێن؟

ئافرەتان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە کلیلی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە دادەنرێن و لە گشت جومگەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی رۆڵی بەرچاویان هەیە. ئایا ئافرەتان لە کوردستانیش پێگە و رۆڵی هاوشێوەی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوویان هەیە، یان بە پێچەوانەوە وەک سەرچاوەی کێشە لێیان دەڕوانن؟ ئافرەتانی کوردستان خۆیان چ هەنگاوێکیان بۆ دیاربوون و سەلماندنی تواناکانی خۆیان هەڵگرتووە و تاچەند توانیویانە کلیلی چارەسەری کێشەکان بن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

سەرەتا نووسەر و رۆژنامەنووس تامان شاکر، ئاماژە بە شۆڕشی فەرەنسا و رۆڵی شۆڕشەکە لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت دەکات و شۆڕشەکەش بە «دەرگایەك بۆ بە دیهێنانی ئازادی و یەکسانی و چەسپاندنی مافەکانی ژنانی ئەوروپا» دەزانێت، هاوکات دەڵێت: «ئەگەرچی بەشێك لە داواکاریەکانی ژنان تەنیا زارەکی بوون و نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ژنان بەردەوامن لە خەباتکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بەتایبەتی لەم سەدەیە کە بە سەدەی ژنان ناسراوە، ژیانی سیاسیی ژنان و پێگەیان لە تەواوی ئەوروپادا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. تەنانەت بوار بۆ ژنانی بیانییش رەخساوە، بۆ ئەوەی لەکاری سیاسی و پەرلەمانیدا بەشدار بن.»

تامان شاکر کە هەڵسووڕاوێکی بواری مافی ژنانە و چەندین پرۆژەی لەو بوارەدا لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان خستۆتە واری جێبەجێکردن، رایوایە: «بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت هەوڵێکە بۆ سەلماندنی خود و بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە پیاوان هەیانە.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «هەلومەرجی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەی بۆ ژنان رەخساندووە، بۆ ئەوەی رۆڵێکی کارایان لە مومارەسەکردنی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی ئەوروپا هەبێت، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامییەکان تا ئێستا نەک ئەو هەلومەرجە نەڕەخساوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دوای بەهاری بەناو عەرەبی ئەو وڵاتانە زیاتر خەریکی کەمکردنەوەی رۆڵی ژن بوون کوردستانیش هەڵگری هەمان کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دابونەریتی کۆمەڵگەی عەرەبی و ناتوانی سیاسەتێکی جیاواز لەوەی لە ناوچەکەدا هەیە، پیادە بکات.» گوتیشی: «راستە سیاسەتمەدارانی کورد، بەهۆ، یان بێ هۆ، زۆر باسی دیموکراسی دەکەن و پێیانوایە ئەوان زیاتر هەوڵی نزیکبوونەوە لە سیستەمی دیموکراسیی ئەوروپی دەدەن، بەڵام واقیعی کوردستان پێچەوانەی بانگەشەی ئەوانە. دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و یەکسانیی رەگەزی بەرهەمی عەقڵی برجوازیەتی رۆژئاوایە و ئەم سیستەمە لە کۆمەڵگەی عەشایری شوێنی نابێتەوە و لەگەڵ دیموکراسی و مافی ژنان و بەشداری پێکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیار یەك ناگرێتەوە. دواتر ژنانی کوردستان زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی حکومەت داواکارییان لە دەسەڵات دەبێت. ئەگەرچی مافی خۆیانە هاوشێوەی ژنانی ئەوروپا داوای دادپەروەری و یەکسانی و ئەو مافانە بکەن کە پیاو هەیەتی لە بواری سیاسی و حوکمڕانیدا، بۆیە دەبێ بە بەردەوامی کار بۆ ئەم مەبەستە بکەن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە ژنانی کورد لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە دان بە بوونی ئەواندا نانێت وەك مرۆڤێکی تەواو، رۆژانە ژن دەکوژرێت کەواتە هەلومەرجی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو مافە بە ژنان نادات کە ببێتە بەشێك لە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمداری لە کوردستان کە بتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆی و کۆمەڵگەکەی بدۆزیتەوە، حزبە کوردییەکانیش پەروەردەی هەمان سیستەمی کۆمەڵایەتین، ئەگەرچی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ راکێشانی سەرنجی ژنان بەلای خۆیاندا لە پێناوی بە دەستهێنانی دەنگی ژنان لە بەرنامەکانی خۆیاندا باس لە گرینگی بەشداریی ژنان دەکەن لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان، بەڵام ئەوە تەنیا هاتوهاواری پێش هەڵبژاردنەکانە، دوای هەڵبژاردن دەنگەکان کپ دەبنەوە و ژنانیش بە ناچاری دەچنەوە ماڵەکانی خۆیان و بێدەنگ دادەنیشن. ئەم کێشەیەش لە ناو هەموو حزبەکان هەیە بەبێ جیاوازیی پەیڕەو پرۆگرامی حزبەکان، لەو پەڕی راستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ.»

ئەو خانمە رۆژنامەنووسە ئەوەش دەخاتەڕوو کە «کورد پێیوایە هەلومەرجی ئێستای کوردستان زۆر هەستیارەو پێویستی بە بازووی بەهێزی پیاو هەیە، بڕیاری شەڕ و ئاشتیش هەر دەبێ پیاو بیدات، نەك ژن، ژن توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییەیان نییە، هەندێکیش دەڵێن: ژن ئەگەر ببێتە وەزیریش هەر وەك پیاو هەڵسوکەوت دەکات، ئەزموونی ژنە باڵادەستەکانی پێشوو و ئێستای نێو حکومەتی کوردستان تا رادەیەك ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ژنان نەیانتوانیوە ئاوڕێك لەو وێرانەیە بدەنەوە، کە حزب و کۆمەڵگە و نوخبەی سیاسیی وڵات بۆی دروست کردوون. « هاوکات دەڵێت: «زۆربەی ژنانی سیاسەتکار لە پێناو سەرکەوتنی سیاسەتی حزبەکەیاندا کاردەکەن، نەك لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و مافی ژنان، هەروەها لە نێو کایەی سیاسیی کوردیدا هەستی خۆبەکەم زانینیان هەیە، لەبەر ئەوەی بە تەواوی لە ناوەڕۆك و سیستەمی سیاسیی کوردی ناگەن و بە واسیتە و خزمخزمانێ لەو شوێنانە دانراون، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە خودی ژنان پێیانووایە پیاو داهێنەری سیستەمی سیاسییە، بۆیە نەیانتوانیوە شێوازی سیاسەت لە کوردستان لە بەرژەوەندی ژناندا بگۆڕن، ئەگەر ژنان پۆستی باڵاشیان وەرگرتبێ، بەشانازییەوە خۆیان بە پاشکۆی پیاوان زانیوەو تەنانەت لەئەنجامدانی گەندەڵیشدا لاسایی پیاوانیان کردۆتەوە، بۆیە گرنگ نییە کەسی باڵادەست ژن بێت، یان پیاو. چونکە ئەم سیستەمە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دیموکراسی دەستەبەر ناکات، نەك بە تەنیا بۆ ژنان، بەڵکو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆیە ئەو کائینە رۆژانە لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و دیدوبۆچوونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە کێشەی هەیە.» گوتیشی: «سیستەمی سیاسی لە کوردستان لە غیابی ژن داهێنراوەو دوور لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش کار دەکات، باشیی ئەو سیستەمە تەنیا لەوەدایە کە ژنان بەرپرسیار نین لەو شەڕ و ئاژاوانەی کە لە رابردوو و ئێستا روویانداوە و روودەدەن، واتە ژنان بەرپرسیار نین لەو دوژمنایەتییەی

**باروودۆخی هەرێمی کوردستانی ئەوەندە دەرفەتی بە رەگەزی مێینە نەداوە، تاکو لەسەرپێی خۆی بوەستێت، بۆیە ئافرەت نەبۆتە بوونەوەرێکی تیۆری و زانستی لە سەردۆخی خۆی و کۆمەڵگە و دۆخی ئەو جیهانەی تێیدا دەژی**

**زەحمەتە باس لەبوونی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان لەکوردستان بکەین کە بتوانێ وەک کلیلی چارەسەری کێشەکان سەیریان بکرێت**

**فرەیی رێکخراوەکانی ئافرەتان سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەو پەرتەوازەبوونی خەباتی ئافرەتان، چونکە هەر رێکخراوێک، یان حزب و پارتێک لەلایەن توێژێکی وشیارو روناکبیرەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەو دەستەبژێر و توێژەش زیاتر بۆ گەیشتن بەئامانج و خواستە تایبەتییەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن**

**ئافرەتان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر لە بەڕێوەبردن و سیاسەت و حوکمڕانییش بەشدار نەبن، ئەوا لە کۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی کاریگەر و تەواوکەریان هەیە**

**زۆربەی پیاوان پەندێکی نارەوای پێشینان پەیڕەو دەکەن، کە دەڵێت: پرس و ڕاوێژ بە ئافرەت بکە، بەڵام بە قسەی مەکە. ئەوە لە ئاستی سەرکردایەتی سیاسیش ڕەنگدانەوەی هەیە بۆیە ژمارەی خانمانی خاوەن بڕیاری سیاسی و ئیداری زۆر کەمە و باسکردنی دیموکراسی و یەکسانی ڕەگەزی تەنیا دروشم بووە**

**لە کۆمەڵگەی کوردی بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەری و هەموو ناوچەکە، زۆر زیاتر گرینگی بە ئافرەتان دراوەو لە دێرزەمانەوە ڕێگەیان پێ دراوە کە تەنانەت لە سیاسەت و سەرکردایەتی و بەڕێوەبەری و ئیدارەکردندا بەشداری بکەن**

لە نێوان حزب و تاکەکانی کوردستان لەسەر پارەو پۆست نادادپەروەرییان بەرهەم هێناوە. هەروەها ژنان بەرپرسیار نین لە خراپیی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کوردستان، چونکە بڕیاردەر نین و تەنیا جێبەجێکارن.» ئەوەش دەخاتەڕوو کە «ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، دەبینین چەندین ژن حوکمی وڵاتانیان بەدەستەوە بووە، بەڵام شێوازی حوکمڕانییان لە هی پیاوان جیاواز نەبووە، گۆڵدا مائیری سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بە هەمان نەفەسی داود بنگۆریۆن سیاسەتی دەکرد، ئەندێرا غاندی حوکمی عورفی لە وڵات ڕاگەیاند، مارگرێت تاتشر کە بە ژنە ئاسنینەکە ناسرا بوو، دژایەتی بوونی بێگانەی دەکرد لە بەریتانیاو لە هەمانکاتدا دوژمنی سەرسەختی ئیرلەندییەکان بوو، ئەو ژنانەی کە سیاسەت و پۆست دەگرنە دەست، خۆیان لەبیر دەچێتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان چەوساوە بوون و سەر بە کەمینەیەك بوون لە کۆمەڵگە کە ناوی ژنە، بەڵکو نوقمی سیستەمی نێرسالاری دەبن و سیاسەتێکی توندو نادیموکراسی بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن.» جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «ژنانی کورد لە جیاتی ئەوەی کەمپین بکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزاری و بەشداریکردن لە کابینەی حکومەت، پێویستە یەکەمجار خۆیان بگۆڕن و بێدەنگ نەبن بەرامبەر ئەو کەسانەی سووك لێیان دەڕوانن و دەبێت سنوور بۆ ئەو کەسانە دابنێن کە سووکایەتیان پێدەکەن.»

تەرزە محەمەد کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان (ناوچەی زانکو)، سەبارەت بە ڕەوشی ژنانی کورد و ڕۆڵیان لە چارەسەری کێشەکاندا دەڵێت: «لە ڕووی مێژووییەوە ڕامان و بیرکردنەوەو زانستخوازیی و دەسەڵاتی ژنانی کورد زۆر پێش ئافرەتی عەرەب کەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد بایەخی بە مێژووی ئافرەت نەداوە، یان لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر نەکردووە، کەمتر بەرجەستە بووە.» باسی ئەوەشی کرد کە «بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە بەهاری ١٩١٩ بە ناوی کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە. دواتر لەلایەن ژنە ناودارەکانی کوردەوە لەوانە (مینا خانی) هاوسەری قازی محەمەد هەوڵی بۆ دراوە، هەوەها خەباتی گەلی کوردو شۆڕشی بارزانی نەمر و دامەزرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و بڵاوکراوەکانی شاخ لەو بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە.»

تەرزە محەمەد لە درێژەی باسەکەدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئافرەتان ڕۆڵی باڵایان لەچارەسەرکردن و بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیاندن و وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەو بوونی سیستەمێکی ئەکادیمی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت و گرینگی پێدانیان لە سەرجەم بوارەکان و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی، میکانیزمێکی ئابووریی باشیان بۆ دادەڕێژن. هەروەها ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بونیادنانی حکومەتێکی دیموکراسی و لە دونیای واقیعدا هەنگاو دەنێن و کاریان بۆ ئەوە کردووە کە ئافرەتبوون ببێتە چوارچێوەی شوناسێکی زاڵ بە سەر شوناسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و حزبی و ناوچەییەکاندا.» گوتیشی: «بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئەوەندە دەرفەتی بە ڕەگەزی مێینە نەداوە، تاکو لەسەرپێی خۆی بوەستێت، بۆیە ئافرەت نەبۆتە بوونەوەرێکی تیۆری و زانستی لە سەردۆخی خۆی و کۆمەڵگە و دۆخی ئەو جیهانەی تێیدا دەژی. ئەوەی لەم ئاستەدا بڵاو دەکرێتەوەو دەنووسرێت، لەدۆخی بەر لە بوون بە مەعریفەیەکی تیۆریدا دەژی، بە کورتی ئەگەرچی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرینگ بەسەر چالاکی و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئافرەتان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا زەحمەتە تائێستاش باس لەبوونی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان لەکوردستان بکەین کە بتوانرێ وەک کلیلی چارەسەری کێشەکان سەیریان بکرێت. لە لایەکی دیکەوە فرەیی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەو پەرتەوازەبوونی خەباتی ئافرەتان، چونکە هەر ڕێکخراوێک، یان حزب و پارتێك لەلایەن توێژێکی وشیارو ڕووناکبیرەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەو دەستەبژێر و توێژەش زیاتر بۆ گەیشتن بەئامانج و خواستە تایبەتییەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن، نەك بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی ژنان. هەمیشەش ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وابەستەی حزب و لایەنەکانن و لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا ڕۆڵی پاشکۆ دەبینن، واتە وەك میکانیزمێك لەسەر بنەمای ئامانجی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکە، میتۆدۆلۆژیای حزب بەکاردێنن. بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی دەبێت بزانین کە ئایدۆلۆژیای ئەو ڕێکخراوانە دەمانگەیەنێتە خوێندنەوەیەك، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەت وەکو داردەست و پردێك بۆ گەیشتنی توێژێك بە پۆست و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت. ڕۆژنامەنووس و بێژەر ئاشنا درەیی، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە: «ئافرەتان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر لە بەڕێوەبردن و سیاسەت و حوکمڕانییش بەشدار نەبن، ئەوا لە کۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی کاریگەر و تەواوکەریان هەیە.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کلیلی چارەسەری زۆربەی کێشەکانە و تەنیا لە وڵاتانی نەریتیدا بە سووکی سەیر دەکرێن و بە سەرچاوەی کێشەکانی دەزانن. بەڵام لە کوردستان زیاتر وەک کالایەکی جوان بۆ ڕووکەشکردنی حزب و دەسەڵات گرنگییان بە ئافرەت داوە، نەک وەك کائینێك کە لە گشت جومگەکانی بەڕێوەبردن و چارەسەری گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێ ببینرێت.» هاوکات دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئیدارەکردن و بڕیاری چارەسەرەکان هەمووی بۆ دەسەڵاتی پیاوان

دەگەڕێتەوە، زۆر بەداخەوە زۆربەی پیاوانیش پەندێکی نارەوای پێشینان پەیڕەو دەکەن، کە دەڵێت: پرس و راوێژ بە ئافرەت بکە، بەڵام بە قسەی مەکە. ئەوە لە ئاستی سەرکردایەتی سیاسیش رەنگدانەوەی هەیە بۆیە ژمارەی خانمانی خاوەن بڕیاری سیاسی و ئیداری زۆر کەمە و باسکردنی دیموکراسی و یەکسانی رەگەزی تەنیا دروشم بووە.»

پارێزەری راوێژکار شەیما جەواد کازم، وەک یاساناسێکی دانیشتووی هەولێری پایتەخت سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگەی کوردی بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەری و هەموو ناوچەکە، زۆر زیاتر گرینگی بە ئافرەتان دراوەو لە دێرزەمانەوە رێگەیان پێ دراوە کە تەنانەت لە سیاسەت و سەرکردایەتی و بەڕێوەبەری و ئیدارەکردندا بەشداری بکەن.»

ئەو یاساناسە وتەیەکی رۆژهەڵاتناسی رووسی (ڤلادیمیر مینۆرسکی) بە نموونە دەهێنێتەوە کە گوتوویەتی؛ «کوردەکان زیاتر ئاشتیخوازن بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەریان و زیاتر رێزی ژنان دەگرن.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «هەر لە دێرزەمانەوە کورد قبووڵیان بووە کە ئافرەت سەرکردایەتییان بکات. بەڵام بە پێی قۆناغە جیاوازەکان و زاڵبوونی نەریت بە سەر کۆمەڵگەدا، قبووڵکردنی تواناکانی ئافرەت کاڵ بووەتەوەو رۆڵی بەرچاویان پەراوێز خراوە.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «سەرەڕای بەربەستە گەورەکانی کۆمەڵگە کە بە هۆی نەریتی هاوردە لە بەردەم بەشداریی سیاسیی ئافرەتدا دروست کراون، لە دوای دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئافرەتان هەوڵی دەرخستنی تواناکانیان داوەو لە سەرکردایەتی حزب و رێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان جێگایان بۆ کراوەتەوە، ئەگەرچی ئەو بەشدارییە وەکوو پێویست نییە، بەڵام زەمینەی بۆ سەرکەوتنی زیاتریان رەخساندووە، تا ئێستاش هەوڵیان داوە لە کێشەکانی کۆمەڵایەتیدا کلیلی چارەسەر بن.« هاوکات دەڵێت: «ژنان لە باشووری کوردستان لە مێژووی کۆن و نوێ هەمیشە رۆڵ و چالاکییان هەبووە لە شۆڕش و راپەڕینەکان، چ لە رێکخستنی نێوشارەکان و چ وەك تەتەر دەوری دیاریان هەبووە لە گەیاندنی هەواڵی شار بۆ شاخ و بە پێچەوانەش. بۆیە نابێت رۆڵی ئافرەتانی کورد نادیدە بگرین. لە ئیدارەدان و حوکمڕانیی کودستانیش رۆڵی بەرچاوی ئافرەتی کورد دیارە. ئەگەر بە ویژدانەوە و دوور لە جیاکاری تەماشای ژنی کورد بکەین، دەبینین ئەگەر لە پێشی هەرە پێشی پیاوانەوە نەبێت لە بواری ئێدارەدان، ئەوا هاوشانی پیاو رۆیشتووەو لە جومگە هەرە دیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری هەتا دەگاتە خواری خوارەوە پێگەی ژن و داهێنانەکانی زۆر بە هێز بووە و دەوری لە پیاو زیاتر نەبووبێت، کەمتر نەبووە.»

رۆبینا عەزیز ئەندامی دەزگای گشتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە مێژووی کورددا چەندین ئافرتی سەرکردەمان هەبووە کە رۆڵی گەورەیان لە ئیدارەدانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبووە. بەڵام بەگشتی ئافرەتانی کورد لە ئێستادا خاوەن پڕۆژە و دەسەڵات و ئابوورییەکی سەربەخۆ نین، تاکو بتوانن لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە بکۆڵنەوە و رێگەی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.« جەختیش لەوە دەکاتەوە کە زۆربەی ئافرەتانی کورد کێشەکانی خۆیان پێ چارەسەر ناکرێت، ئیدی چۆن دەتوانن کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکەن؟» نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئافرەتی وا هەن، لە ماڵەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، کەچی وەک چالاکی مافی مرۆڤ لێدوان دەدات، یان ئافرەتی وا هەیە بەناو رۆشنبیرە و ژنی بە سەردا هێنراوە، یان سەر بە هەوێ شووی کردووە، کەچی لە میدیاکان بە ناوی چالاکی مەدەنی بەرگری لە مافەکانی ئافرەت دەکات».

**ئافرەتانی کورد لە ئێستادا خاوەن پڕۆژە و دەسەڵات و ئابوورییەکی سەربەخۆ نین، تاکو بتوانن لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە بکۆڵنەوە و رێگەی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە**

**هەلومەرجی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو مافە بە ژنان نادات کە ببێتە بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمداری لە کوردستان کە بتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆی و کۆمەڵگەکەی بدۆزێتەوە**



# ئاشتی و تەبایی هەرێمی کوردستان زامنی بەهێزکردنی پاراستنی مافەکانی ئافرەتانە

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئاشتی و تەبایی ناوخۆ، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، کاری پێکەوەیی و داهێنان و وەبەرهێنان، رەمزی سەرەکیی پێشکەوتنەکانن و هەر ئەوانەش زامنی چەسپاندن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات، ئافرەتانیش لەو بوارەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت و لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەدا بەشدارییەکی کارایان دەبێت، چالاکانی بواری مافی مرۆڤیش لە کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاشتی و تەبایی ناوخۆ، زامنی بەهێزکردنی پێگەی ئافرەتانی کوردستانە و دەستەبەری مافەکانیان مسۆگەر دەکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا شێرزاد هەینی وەک نووسەرێکی کورد ئاماژە بەوە دەکات کە «تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، فەراهەمکردنی هەموو پێگەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دواییش سیاسی، زامنی یەکەمی ئاسوودەییە، لەو روانگەوە، ژن کە پێگەی سەرەکیی ئەو جڤاتەیە، نەك تەنیا سوودبەخش دەبێت، بگرە دەتوانێت لەو بوارە ئەکتیڤ بێت و رۆڵی بەرچاوی هەبێت، بەوەش دەگاتە قۆناخێکی پێشکەوتووتر، بەپێی هەموو بنچینەکانی نێودەوڵەتی و رای گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنیش ژنان لەو قۆناخەدا رۆڵیان دەبێت.» هاوکات دەڵێت: «زۆر لە ژنە ناودارەکانی جیهان، بوونەتە سمبول و پێشەوا و کارکەری راستەوخۆ بۆ راپەڕاندنی کارە مرۆییەکانی خێرخوازی و تەندروستی. ساڵی ٢٠٠٠ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ کۆششیان کرد بۆ ئەوەی ژنان لەناو ململانێیەکان و رەوشە ئاڵۆزەکان سەلامەت و دوورەپەرێز بن.» گوتیشی: «لە دۆخی ئارامی، ژنان زۆرتر دەتوانن لە مەیدانەکان کارکەربن و زۆرتر زووتر بگەنە ناو پێگەکانی بڕیار و چارەسەرییەکان، تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییش بوارسازە بۆ ئەوەی کچان ئارامتر بژین و هاوسەرگیری بکەن.» حێما بهۆ ئەوەش دەکات کە « لەم ناوچەیە و لە وڵاتانی ئیسلامیدا توندوتیژی و کوشتنە زۆرە، رێژەی قەیرەیی و گەورەکیژ زۆر بووە، رادەی بێوەژنی زۆرە، جیابوونەوە زۆرترە و ئەوانەش هەموو دەبنە کێشە و بارگرانی کۆمەڵایەتی. بۆیە هەموو بنچینەکانی ئاسوودەیی و ژیانی کامەرانی لەگەڵ تەبایی هاوسۆزە، کۆمەڵگە و جڤاتی یەکسان و ئارام بەندە بەو مەرجانەی ساز دەبێت، یەکسانی و هاوسەنگی ناو خێزان و بایەخدان بە تاکی کۆمەڵ و دیسپلینی ناو خێزان و خوێندن و چاودێری و ژیانی ئارام و مەرجەکانی خۆشگوزەرانی هەموو ئەوانە بەندە بە کەشی ئاسوودە و تەبایی و عەقڵی رووناك و پێشکەوتووی دوور لە مەرج و بیری کۆن و توندڕۆیی، ئەوانە کەشەکە ساز دەکەن، جڤاتەکە ئاسوودە بێت و ئافرەتیش تێدا رۆڵە سەرەکییە سالارییە دڵسۆزییەکەی دەنوێنێت. ژنان، دایکان، کیژان لە بارودۆخی نائارام زیانی گەورەیان بەردەکەوێت و لە کاروانەکەی ژیان دوادەکەون.

ئەو نووسەرە کوردە رایوایە: «لە هەموو کۆمەڵگە و یاسا کۆمەڵایەتییە باوەکانی جڤاتی ناوچەکە، باس لە رەوشت و مۆراڵ و ئایین دەکەن بۆ گەشەی خێزان و ئاسوودەیی کۆمەڵ، بەڵام وادیارە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو قۆناخەی دەرباز کردووە، ئاسوودەیی خێزان و ژنان لەو مەیدانە بەندە بە یەك ئامراز و کۆڵەگە ئەویش ئارامی و کەشێکی ئاسوودەی دوور لە ململانێ و ناکۆکییەکان، یەك هەژان و تەقەیەك، مشتومڕی ناو دیمانەیەك، تووڕەیی هەواڵ و لێکدانەوەیەک زۆرتر کار لە ژن و خێزان دەکات و هەستی ناسکیان دەورووژێنن و زامداریان دەکەن. ئاسوودەیی خۆشەویستی گەرم دەکات و عەقڵ و دوور لە توندڕەویی ژیان جوان دەکات.»

لە لای خۆیەوە شەمام محەمەد زیاد بەرپەرسی لقی ژنانی سۆرانی یەکیتی ژنانی کوردستان، رایوایە : «ئاشتی و تەبایی ناوخۆ، زامنی بەهێزکردنی پێگە و پاراستنی مافەکانی ژنانی کوردستان و ژنانی هەموو کۆمەڵگەیەکە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ژن رۆڵێکیکی کاریگەری لە پیشخستنی کۆمەڵگە هەیە. هاوکات دەڵێت: «پێشکەوتنی ژنان پەیوەستە بە رەخساندنی دۆخیکی هەموار لە کۆمەڵگەدا و زەرووره کە ئاشتی و ئارامی تێیدا ساقامگیر بێت، بۆ ئەوەی ژنیش بتوانێت خاوەنی بڕیاری خۆی بێت و پێگە و تواناکانی خۆی بەهێزتر بکات.» گوتیشی: «ئەگەر دۆخی ناوخۆ سەقامگیر نەبێت، ئەوا بێگومان مافی ژنیش پارێزراو نابێت، چونکە لە هەموو دۆخێکی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ژن زەرەرمەندی یەکەم دەبێت و وەك کاڵایەك بە کار دێت، هەروەها لە رووی ئابووریشەوە پێویستە ژن خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆی بێت. ئافرەتی کوردیش لەم بوارەدا توانیویەتی رۆڵی ئەرێنی هەبێت.»

مافپەروەر عیماد ئەحمەد، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان بوونی ئاشتی و تەبایی لە نێو کۆمەڵگە و خێزانەکاندا هۆکارێکی هەرە گرینگن بۆ پاراستنی مافی تاکەکان و بەتایبەتی مافی ئافرەتان. بێ شك ئەو کۆمەڵگەیانەی کە پارێزراو دوورن لە کێشە سیاسی نێوخۆیی و دەرەکیەکان و ئاشتی تێدا زامن کراوە ژینگەیەکی گونجاوتر و لەبارتریان بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان هەیە.» گوتیشی: «بەداخەوە لەم چەند ساڵەی رابردوو وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی خراپدا تێپەڕ بووە و کۆمەڵێك شەڕ و کێشەی سیاسی تووش بووە کە بە هۆیانەوە چەندین خێزان ئاوارە و دەربەدەر بوون، هەروەها چەندین کچ و ژنی ئێزیدییەکان رفێندراون و دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە و سووکایەتیان پێ کراوە. هەروەها ئەو بارودۆخە ئابوورییەی لەم چەند ساڵە تووشمان بووە، هۆکارێکی دیکەن کە بۆتە هۆی زیادبوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان کە زەرەرمەندیی یەکەم لەو بارودۆخە زیاتر ئافرەتانن هەروەها رێژەی کوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان رووی لە زیادبوون کردووە. جگە لەمانە ئەگەر سەیرێکی ئامارەکانی لەم چەند ساڵەی رابردوو بکەین، دەبینین رێژەی تەڵاق زیادی کردووە، لێرەشدا بە هەمان شێوە زەرەرمەندی یەکەم ئافرەتانن.»

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن شان بەشانی پیاوان لە کۆمەڵگەدا خزمەت بکەن و رۆڵی کاریگەریان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا، پێویستە ژینگەیەکی ئارام و بێ کێشەیان بۆ فەراهەم بکرێت، کە دوور بێت لە کوشتن و توندوتیژییەکان و ئافرەتان گرینگی زیاتریان پێ بدریت و مافەکانیان بپارێزرێت.»

**لە هەموو دۆخێکی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ژن زەرەرمەندی یەکەم دەبێت و وەک کاڵایەک بە کار دێت**

**بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن شان بەشانی پیاوان لە کۆمەڵگەدا خزمەت بکەن و رۆڵی کاریگەریان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا، پێویستە ژینگەیەکی ئارام و بێ کێشەیان بۆ فەراهەم بکرێت**

**ئەو کۆمەڵگەیانەی کە پارێزراو دوورن لە کێشە سیاسی نێوخۆیی و دەرەکیەکان و ئاشتی تێدا زامن کراوە ژینگەیەکی گونجاوتر و لەبارتریان بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان هەیە**